شارا پۆڤا لە ساڵێکدا داهاتی ٢٥ ملیۆن دۆلار بووە

ئا: سنە

یەکێك لەو یاریزانە بەناوبانگانەی کە ناوبانگێکی جیهانی هەیە لە یاری تێنسی سەر زەویدا کچە یاریزان ماریا شاراپۆڤایە، ئەو یاریزانە لە ١٩ی نیسانی ساڵی ١٩٨٧ لە شاری ناغایانی وولاتی روسیا لە دایك بووە، درێژی ٦,٣ پێیەو کێشی ٥٩ کیلۆگرامە، ئەو کچە یاریزانە، بە دەستی راستی یاری دەکات‌و ئەو جلوبەرگە وەرزشیانە لەبەر دەکات کە کۆمپانیای نایکی بەرهەمیان دەهێنێ. ماریا لە ژیانی وەرزشی خۆیدا بەشداری چەندین پاڵەوانیەتی گەورەی جیهانی کردوەو خەلات‌و دەستکەوتی گرنگی بەدەست هێناوەو بە یەکێك لە دیارترین ئەو شوخانە دادەنرێت، کە لە بواری (تێنس) تۆپی سەر زەوی یاری دەکات‌و خاوەنی هونەرو لێوەشاویەکی دیاری خۆیەتی, سەنگینە لە یاری کردن‌و تیژڕەوە لە ئاراستە کردنەوەی تۆپەکەی, راکێتەکەی دەستی بۆتە دەزگیرانی‌و بەردەوام لەگەڵیدا دەژیت، ئەستێرەیەکی گەشی وەرزشی جیهانەو بەیەکێك لە باشترین یاریزانەکانی روسیاو جیهان دەژمێردرێت.

شاراپۆڤا خاوەنی روخسارێکی جوان‌و ناسك‌و شیرینەو کەسایەتیەکی روح سوك‌و کراوەی هەیە لە یاریکردندا وەك پاڵەوانێك دەردەکەوێت، کە ترس دەخاتە یاریزانی بەرامبەریەوەو سەرکەوتنی کردۆتە هاورێیەکی بەردەوامی, پۆڤا بە داگیرکاری کەناڵەکانی راگەیاندن دادەنرێت، کە بەردەوام بەهەرەو لێزانیەکەی نمایش دەکەن‌و کار گەیشتۆتە رادەیەك روسیا شانازی گەورە بە شۆخە بە تواناکەی بکات‌و بە یەکێك لە سەروەریە گەورەکانی خۆی باسی دەکات.

ئەو یاریزانە دەولەمەندریت یاریزانی روسیایە لە سەرجەم بوارەکانی وەرزش‌و لە کچ‌و کورەکانی ئەو وڵاتە، کەسیان ناگەنە ئاستی لەڕووی دارایی‌یەوە، چونکە زوربەی زۆری کۆمپانیاکان بۆ ریکلام گرێبەستی لەگەڵ دەکەن‌و لە ماوەی تەنیا ساڵێکدا داهاتی گەیشتۆتە ٢٥ ملیۆن دۆلار، هەرچەندە رکابەرەکانیشی خاوەنی داهاتی زۆرن، ئەو کچە یاریزانە بەهۆی لێهاتویی‌و جوانیەکەی بۆتە خاوەنی جەماوەرێکی زۆر نەك تەنها لە روسیا، بگرە لە سەرتاسەری جیهاندا.

کاریگەری دەروونی‌و کاریگەری لەسەر یاریزانان

شادان کەریم:

خوێندکاری قۆناغی سێیەم کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی کۆیە

کاریگەری دەروونی‌و کاریگەری لەسەر بەجێهێنانی یاریزان لەچاوپێکەوتنە چارەنووس سازەکاندا ڕاهێنەران لەسەر لایەنێکی گرنگ هەڵوێستە دەکەن، ناوی (هۆکاری دەروونی)یەو لەهەموو لایەنەکانی تر گرنگترە. لەکاتە ئاستەم‌و قورسەکاندا یاریزان پێویستی بەدەرمانێکە ناوی (بڕوا بەخۆبوونە). ئامادەباشی هونەری‌و جەستەییش هۆکاری گرنگن بەڵام بەهاکەی ون دەکات کەورەکەی نزم بێت.

لەبەر ئەم هۆیانەو هۆی تر بوو قوتابخانەی بەرازیلی بۆ تۆپی پێ دەستپێشخەری کرد لەساڵانی پەنجاکاندا کەتەرکیزی خستەسەر ئەم لایەنە، سەریشمان سورنامێنێ کەببینین هەموو تیپێك یان یانەیەکی بەرازیلی کەسێکی هەبێ بەناوی (ڕاهێنەری دەروونی). ئەم ڕێگایەی بەرازیل سەرەتا لەلایەن ئەورووپییەکانەوە ڕەخنەی لێگیرا، بەڵام دواتر بەخێرایی هەموویان گەیشتنە قەناعەتی پێویست ئەو لایەنە گرنگەو سەرکەوتوویی بەبەردەوامەکەی.

لە ڕووبەرروو بوونەوە چارەنووس سازەکاندا یاریزان تووشبوونی دڵەڕاوکێی لەسەر ئەنجامی یارییەکە دەبێتە هۆی پەستی‌و هەموو بیری خۆی دەخاتە سەر مونافەسەکردن‌و لێکۆڵینەوەی هەرەمەکی‌و دەبێتە هۆی ترسییم (رعب) هەندێك یاریزانیش تووشی تا یان لەرزینی تەواوی لەش یان تووشی ئەژنۆ لەرزین یان تەنگەنەفەسی‌و شتی تر دەبن.. کاتێکیش ئەو یاریزانە دەچێتە ناو یاریگاوە بەرگری دەروونی لەدەستداوەو دەبێتە پارچەیەك لەتوورە بوون‌و دارمانی عەسەبی‌و لەئەنجامدا دەگۆڕێ بۆ پاری کردنی هەرەمەکی چونکە کۆنترۆڵی لەدەستداوەو ناتوانێ زاڵیێ بەسەر دەمارگیریداو زۆرجاریش هانا دەبات بۆیاری زبر (الخشونه) دژی بەرامبەرەکەی کەتووشی ئاگادار کردنەوە (التنبیه) دەبێ، کەدەبێتە هۆی وروژاندنی خۆپارێزی یان دەرکردن (الطرد) دەبێ یان دووڕخستنەوەی لەیاریگا، لەم حاڵەتانەشدا تیپەکەی تووشی دۆڕان دەبێ ئینجا ئەم دۆڕانە مەعنەوی بێ یان بەئەنجام کۆتایی بێ. هەندێ جار بیرێکی هەڵە لەهرزی یاریزاندا دروست دەکات کەلاوازی ورەو بڕوا بەخۆنەبوونی لێ دەردەچێ، سەرەنجام بەشی زۆری یاریزانەکانی تۆپ لەخۆیان دووردەخەنەوە بۆ ئەوەی تووشی لێپرسراوێتی نەبێ، ئەوەش بەزۆر لەهێڵی بەرگریدا دەردەکەوێ بۆ خۆڕزگارکردن یان تۆپ فڕێ دەدەنە دەرەوە یان دەیگێڕنەوە بۆ گۆڵچێ لەکاتێکدا هیچ مەترسییەکیان لەسەر نییە. لێرەدا چیرۆکێکی درێژ هەیە کە یاریزانە دێرینەکانی تیپی(ریۆدی جیزۆ) یادی دەکەنەوە. لەوەرزی (١٩٦٨-١٩٦٩) ئەو تیپە یارییەك لەگەڵ یەکێك لەو یانانە دەکات کەمونافەسەی کاسی برازیل دەکات لەبەر گرنگی یاریەکە کە یاریزانەکانی (ریۆدی جیزۆ) هەستیان بەدڵە ڕاوکێ دەکرد لەسەر ئەنجامی یارییەکەیان سەرەنجامەکەیی‌و گریمانەکانی دایاندەنا، کاتی چوونە ناو یاریگا باری دەروونیان زۆر خراپ بوو، هەرچەندە تیپی (ریۆدی جیزۆ) لەڕووی توانستی‌و کارامەی هونەری یاریدا سەرکەوتوو تربوون کەلەتایمی یەکەمدا (٤-سفر) دۆڕان. کەئەمە جەستەیی‌و ئەنجامێکی زۆر قوورس بوو کەجەماوەر بڕوای نەدەکرد. لەپشووی نێوان تایمەکاندا پیاوێکی پیر قسەی بۆکردن‌و گوتی: (ئێوە باشترو لێهاتووتر بوون‌و لەبەرژەوەندی ئێوەش یاری کۆتایی دێت بەگۆڵکردنی دوو ئەوەندەی ئەوان، بەمەرجێ ئێوە ویست‌و سووربوون (إراده والعزیمه) تان هەبێ. پیاوانە یاری بکەن ئێوە پاڵەوانن). ئەو پیاوە (سیزار ئالتیك)ی پسپۆڕ بوو لەدەروونزانی وەرزشی تۆپی پێ. کاتێ تایمی دووەم دەستی پێکرد یەکسەر یاری گۆڕانی بەسەردا هات‌و هەرلەخولەکی یەکەمدا کوڕانی (ریۆدی جیزۆ) گۆڵیان کردوو دواتر دووەم‌و سێیەم‌و چوارمیان تۆمار کردو کات (٣٥)ی نیشان دەدا واتە (١٠) خولەك پێش کۆتایی یارییەکە گۆڵی بردنەوە یان تۆمار کردو یاریەکەیان بردەوە لەوساوە ئەو یارییە وەك وەك ماددەیەکی چەور لەنێوان ڕاهێنەران‌و سەرپەرشتیارانی تیپەکان‌و هەڵبژاردەکان باسی لێوەدەکرێ.

پێویست ڕاهێنەران‌و لێپرسراوان گرنگی بدەن بە ورەو لایەنی دەروونی یاریزانان کەشێکی گوناویان بۆ بڕەخسێنن، ئەو ڕێگا نوێیانەی فەرەنساو ئەڵمانیا گرتوویانەتەبەر شایەنی گرنگی پێدانە وە پێویستیەکانی یاریزان لەهەموو شوێنێك هەتا هەست تەنگی‌و کۆسپی نەبێ‌و دابینکردنی هەموو ئەو شتانەی حاڵەتێکی سورشتی بۆ دەخولقێنێ وەك شانۆگەری کۆمێدی‌و هاورێی دڵخۆشکەر پێش یاری بەچەند ڕۆژ بەڵام کاتی یاری بارەکە دەگۆڕێ بۆ تەرکیز کردنە سەر سارکردنەوەی دەمارگیری‌و هێمنی.

(سانتانا) پسپۆڕی بەرازیلی دەڵێ (هەرکەسێ هۆکاری دەروونی بەدەست بهێنێ، یارییەکە بەدەست دەهێنێ لەگەڵ شتێکیش لەتوانا هونەری‌و جەستییەکان).

ناساندنی تیپێکی ئەکتیڤی شاری ڕانیە

ئا: ئاودێر جەمال



تیپی وەرزشی قەلات یەکێکە لە تیپەکانی ناو شاری ڕانیە،کەلە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/١/١٥ دەمەزراوە تا ئێستا بەشداری چەندین خولی ناو شاری ڕانیەی کردوە ئاستێکی زۆر باشی نیشانداوە، نزیکەی (٦٠) یاریزانی هەیەو بە دووتیپ بەشداری خولەکان‌و یاریەکان دەکەن کە برتین لە پلەکانی (دووسێ) لە پێکهاتەی ئەم تیپەدا دەستەی بەڕێوبەران‌و لێپرسراوی تیپ‌و ڕاهێنەریان هەیەو لە ساڵی ٢٠٠٧ یاریگایان بۆ دروستکراوە تا ئێستا چەندان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوەو وە قوتابخانەیەکی وەرزشی گەنجان بە هونەری توپی پێ ئاشنا کراون هەروەها لەم تیپەدا گیانێکی وەرزشی بەرز هەیە کە یاریزانەکانی لە میانەی چالاکیەکانیاندا وەك تیپێکی نمونەیی نمایشی دەکەن جگە لەمە وەك نەریتێکی تازەی وەرزشی گرێبەستی (بۆند) لەگەڵ یاریزانان ئەنجام دەدات کە ئەمەش شێوازێکی تازەیە لە تیپە میلەکانی ناو شاری ڕانیە. لێدوان هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ ئەم تیپە دەخوازێت

ڕاپۆرتە هەواڵێکی وەرزشی

نوێنەرایەتی بێتوێن ئەنجام دانی چەند چالاکیەکی وەرزشی

ئا: ئازاد چنارنەیی
فۆتۆ: شانان عەلی

لە یادی (١٦) ەیەمین ساڵیادی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کاتژمێر (٣) ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی (١١ - ١) بەسەرپەرشتی نوێنەرایەتی بیتوێنی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و بە هاوکاری لقی سلێمانی یەکێتی ناوەندی بالەی کوردستان و بە چاودێری (محەمەد ئیبراهیم و خاتوو ئاشتی حەمە عەلی) ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی زۆریك لە بەرپرسانی حزبی و حکومی ناوچەکە. لە هۆڵی بۆنەکانی ناحیەی سەرکەپکان بە یاری نێوان هەردووتیپی کچانی یانەی وەرزشی (چوارقورنە و قەلادزێ) خولی بالەی کچانی یانەو بنکە وەرزشی یەکانی سنوری نوێنەرایەتی بیتوێن دەستی پێ کرد . سەرەتا هەریەك لە صەباح صالح وەك بەرپرسی نوێنەرایەتی بیتوێن و محەمەد ئیبراهیم وەك نوێنەری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و محەمەد سلێمان بە نوێنەری بەڕێوەبەری ناحیەی سەرکەپکان چەند ووتەیەکیان لە بارەی خوولەکەوە پێشکەش کرد دواتریش خاتوو ئاشتی تەوقەی یەکتر ناسینی لە گەڵ یاریزانانی هەردوو تیپ دا کرد پاشان ناوبژیوانان

(مامۆستا کۆسار و مامۆستا ئومێد) فیکەی دەستپێکردنی یارییەکەیان لێداو هەمووان دەقیقەیەك بەبێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان وەستان . دواتر لە یارییەکی بەهێز و ئاست بەرزدا تیپی کچانی چوارقورنە توانیان بە ئەنجامی (٣ گێم بە سفر) (٢٥ - ٢٠) (٢٥- ١٧) (٢٥- ٢١) یارییەکە ببەنەوە ئەستێرەی یارییەکەش (گوڵان عەبدوڵا) بوو لە تیپی یانەی چوارقورنە کە توانی ئاستێکی هونەری جوان لە یارییەکە دا پێشکەش بکات .

لە یاریەکانی تری ئەم کۆمەڵەیە کە بڕیار وابوو لە نێوان تیپی کچانی (هێرۆ و هەڵشۆ) لە شاری قەلادزێ بەڕێوەبچێت بە لام لە بەر بارینی بەفرێکی زۆر و نەبوونی ڕێگا یارییەکە بۆ کاتێکی تر دواخرا جێی ئامادەیە

تیپە بەشداربوەکان بریتین لە تیپەکانی (سەرکەپکان - تەق تەق - مەرگە - چوارقورنە - قەلادزێ- حاجی ئاوا - هێرۆ - هەڵشۆ - ئیسێوە - ژاراوە - ڕاپەرین -) لە لایەکی تر ولەرۆژی (٨ - ١) وەفدێك کەپێکهاتبوو لە بەرپرس و ئەندامانی سەنتەری ڕانیەی ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان و بە هاورێیەتی(صەباح صالح) بەرپرسی نوێنەرایەتی بیتوێن سەردانی پەیمانگای وەرزشی ڕانیە یان کرد و لەگەڵ خۆیاندا (٥٠) قاتی (تراکسود) ی سەر و ژێری وەرزشیان کردە دیاری بۆ سەرجەم خوێندکارە کچەکان و مامۆستایانی پەیمانگای وەرزشی ڕانیە ئەمەو لە یادی (٨) مین ساڵیادی دامەزراندنی کەناڵی کوردسات و (١٦) ساڵ تێپەڕبوونی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کاتژمێر (١٠) ی سەرلە بەیانی ڕۆژی (٤ - ١) لە یاریگای تارتانی چالاکیە وەرزشیەکانی پەروەردەی ڕانیە یارییەکی دۆستانەی تۆپی پێ لە نێوان هەردوو تیپی تۆپی پێ ی کەناڵی ڕاپەرین و دەنگی مەلبەندی (٨) ی ڕاپەرین ئەنجام درا سەرەتا مامۆستا (بەختیار محەمەدئەمین) فیکەی دەستپێکردنی یارییەکەی لێدا هەردوو تیپ بەگرووتینەوە یارییان دەکرد تا لە دەقیقەی (٢٥) دا (دەشتی قادر) بە شوتێکی جوان توانی گۆڵی یەکەم بۆ تیپی ڕادیۆی دەنگی مەلبەندی (٨) تۆماربکات سەرەنجام ئەو گێمە هەربەو ئەنجامە مایەوە لە گێمی دووەمی یارییەکە دا هەردوو تیپ چەند هێرشێکیان کردە سەر گۆڵی یەکتر بەڵام سەرجەم هێرشەکان بێ سود بوون یارییەکە بە گۆڵێکی بێ بەرامبەر لە بەرژەوەندی ڕادیۆی دەنگی مەلبەندی (٨) ی ڕپەرین کۆتایی هات لە لایەکی تر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە یاریگاکانی شاری ڕانیە و دەوروو بەری چەندین یاری دۆستانی تۆپی پێ لە نێوان تیپە میللیەکانی شاری ڕانیەدا بەڕێوە چوو لەگەڵ ئەوەشدا لە شارۆچکەی حاجیاوا بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی لیژنەی تیپە میللیەکانی ناحیەی حاجی ئاوا و بە هاوکاری نوێنەرایەتی بیتوێن و یانەی وەرزشی حاجیاوا ڕۆژی (١٤-١٢) خولێکی تۆپی پێ ی بۆ (٢٥) تیپی پلە دوو و (١٢) تیپی پلە یەکی ناو شارۆچکەی حاجی ئاوا لە یاریگای ئەو شارە کردەوە دوای تەواو بەڕێوە چوونی یارییەکانی خولەکە بەسەرکەووتووی هەردوو تیپی (لاوانی سۆران و تیپی حاجی ئاوا) گەیشتنە یاری کۆتایی خوولی تیپە پلە دووەکان، لە یارییەکی ئاست مام ناوەندی دا دوای ئەوەی هەردوو تیپ بە گۆڵێك یەکسان بوون دواتر بەلێدانی سزا تیپی لاوانی سۆران (٤- ٣) یارییەکەی بردەوە . یاری کۆتایی تیپە پلە یەکەکانیش کاتژمێر (٣) ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی (٩- ١) بە ئامادەبونی بەرپرسی نوێنەرایەتی بیتوێن و دەزگاکانی پۆلیس وئاسایشی شارۆچکەکە و جەماوەرێکی زۆری وەرزش دۆست یاری کۆتایی تیپە پلە یەکان لە نێوان هەردوو تیپی (بلێسە و چوار چرا) ئەنجام درا لە یارییەکی زۆر بە هێزدا تیپی بلێسە توانی بە ئەنجامی (٢ - ١) یارییەکە بباتەوە ببێتە پاڵەوانی خوولەکە . دواتر لە لایەن ئامادەبوانەوە خەڵات بەسەر تیپ و یاریزانە سەرکەوتوەکان و دابەشکرا . باشترین یاریزان (فەرید خدر) لە تیپی لاوانی پشدەر و گۆڵکەری خوولەکەش (مامۆستا عەلی) بوو لە تیپی بلێسە . هەر لە درێژەی چالاکیە وەرزشیەکانی نوێنەرایەتی لە شارۆچکەی سەرکەپکان دوانیوەڕۆی ڕۆژی (٦- ١) لە هۆڵی بۆنەکانی ناحیەی سەرکەپکان بەئامادەبوونی جەماوەرێکی وەرزشی یارییەکی دۆستانەی باڵە لە نێوان هەردوو تیپی باڵەی کوڕانی بنکەی وەرزشی سەرکەپکان و یانەی وەرزشی ڕانیەئەنجام درا لە یارییەکی ئاست بەرز و بەهێزدا تیپی بنکەی سەرکەپکان توانی بە ئەنجامی (٣ گێم بەرامبەر بە ٢ گێم) یارییەکەلە تیپی باڵەی کوڕانی یانەی وەرزشی ڕانیە بردەوە

ئەمەو هەر لە شارۆچکەی سەرکەپکان کاتژمێر (٢) ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی (٤ - ١) لە هۆڵی بۆنەکان لە ناحیەی سەرکەپکان بە چاودێری خاتوو (ئاشتی حەمە عەلی) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و بە ئامادەبوونی بەرپرس و ئەندامانی نوێنەرایەتی بیتوێن و بەرپرسانی حزبی و حکومی ناحیەکە و میوان و جەماوەرێکی زۆری وەرزشی تیپی باڵەی کچانی بنکەی وەرزشی سەرکەپکان بە مەبەستی خۆ ئامادەکردنیان بۆ خوولی باڵەی یانە و بنکە وەرزشی یەکانی سنوری نوێنەرایەتی بیتوێن میوانداری تیپی باڵەی یانەی وەرزشی مەرگە یان کرد .

لە یارییەکی بە هێز و ئاست بەرزدا تیپی میوان توانی بە

ئەنجامی (٢ - ١) (٢٦- ٢٤) (٢٢ - ٢٥) (٢٥ - ١٨) یارییەکەی بردەوە لە لایەکی تر ڕۆژی (٢-١) لە یاریگای پەیمانگای مەلبەندی مامۆستایانی ڕانیە. تیپی باسکەی یانەی وەرزشی ڕەواندوز میوانداری تیپی باسکەی یانەی وەرزشی قەلادزێ یان کرد. لە یارییەکی ئاست بەرز و بەهێزدا تیپی باسکەی یانەی وەرزشی قەلادزێ توانی بە ئەنجامی (٧٥) خاڵ بەرامبەر (٦٢) خاڵ یارییەکەلە تیپی میوان بباتەوە . لە کۆتایی چالاکیە وەرزشیەکانیش ڕۆژی (١- ١) هەردوو تیپی باڵەی کوڕان و کچانی بنکەی وەرزشی ئیسێوە بەمەبەستی ئەنجام دانی دوو یاری دۆستانەی باڵە سەردانی ناحیەی سەرکەپکان یان کرد لەویش لەلایەن ئەندامانی بنکەی وەرزشی سەرکەپکان و بەرپرس و ئەندامانی نوێنەرایەتی بیتوێنی‌لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و وەرزشکارانی ناحیەکەوە پێشوازی کران .لە سەرەتادا هەردوو تیپی باڵەی کچان هاتنە ناو گۆڕەپانی یاریگا دواتر بەرپرسی نوێنەرایەتی‌بە مەبەستی ناساندنی یاریزانان تەوقەی یەکتر ناسینی لەگەڵ یاریزانانی هەردوو تیپ دا کرد پاشان یارییەکە دەستی پێ کرد و لە یارییەکی ئاست مام ناوەند دا تیپی باڵەی کچانی بنکەی وەرزشی سەرکەپکان توانیان بەئەنجامی (٢ گێم بەرامبەر بە سفر) یارییەکە لە بەرژەوەندی خۆیان کۆتایی پێ بێنێت . لە یاری دووەمیش کە هەردوو تیپی باڵەی کوڕانی بنکەی ئیسێوە و بنکەی سەرکەپکان ئەنجامیان دا یارییەکە ئاستێکی بەرزی بەخۆ وە بینی یاریزانانی هەردوو تیپ کوڕان و کچانی بنکەی سەرکەپکان توانیان باڵا دەستی خۆیان بنوێنن و لە هەردوو یارییەکە دا براوە بوون

ڕوونکردنەوەیەك لە نوێنەرایەتی بیتوێنی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بۆ چاوپێکەوتنێکی لێدوان

لەژمارەی (٤) کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨ ڕۆژنامەکەتان لەلاپەڕەی وەرزش چاوپێکەوتنێکتان بڵاو کردۆتەوە لەگەڵ یاریزانی تایکواندۆی بەتوانای شاری ڕانیە (دلێر جمال) بۆیە بەپێویستی دەزانین ئەم ڕوونکردنەوەیەتان بۆ بنێرین بەهیواین بۆمان بڵاو بکەنەوە.

سەرەتا دەستخۆشیتان لێدەکەین بەدوای وەرزشکاری بەتواناو لێهاتوو خاوەن بروانامەو پاڵەوانەتیدا دەگەڕێن‌و ئاشنای دەکەن بەخوێنەرانی کوردستان، کاك دلێر لەوەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەکەتاندا دەڵێت کەتائێستا جگە لەیانەی وەرزشی ڕانیە کەسی تر هاوکاری نەکردووەو لەهەمان کاتدا دەڵێت نوێنەرایەتی هەولێرو ڕاپەرین هیچ هاوکارییەکی نەکردووین، ئێمە سەرەتا دەستخۆشی لەیانەی ڕانیە دەکەین کە ئێستاکە هاوکاری دەکات‌و شوێنی دابین کردووە، بەڵام بەکاك دلێر دەڵێین کاتێك کە چوویتە کۆریاو هاتیتەوە، نوێنەرایەتی نەبوو هاوکاری کردی بەپارەو کرینی ئاوێنە بۆ هۆڵەکەت‌و دەستخۆشی‌و پیرۆزبایی لەڕۆژنامەکان‌و تەلەفزیۆنەکان بۆ بڵاو کردییەوە؟، ئایا چوویتە هۆڵی لەشجوانی بێ ئەوەی پرسمان پێ بکەیت کەخۆت خاوەن ماڵ بویت کە جوتێ دمبلست بەدڵی خۆت هەڵگرت بێ ئەوەی داوات لێ بکەینەوە گوتمان پیرۆزت بێت، ئەمانە هاوکاری نین؟ بەهەرحاڵ دیارە کاك دلێر ئاگای لەنوێنەرایەتی نییە لەسنوورەکەدا چەندین هاوکاری‌و خزمەت دەکات لەبوارەکانی وەرزش‌و کردنەوەی خولدا لەکۆتاییدا دەڵێین ئێستاش دەتوانێ سەردانمان بکات تا بتوانین لەڕێگای نوێنەرایەتییەوە هاوکاری بکەین بەدابین کردنی پێداویستییەکانی. هەر سەرکەوتوو بن.

صباح صالح سەعید
ل.نوێنەرایەتی بیتوێن